# نەتەوەیی ئایینی و ئایینی نەتەوەیی لە خەزێنەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیاندا

د. محەممەد ڕەحیمیان

لە مێژووی هزری کوردەواریدا، ئایینمەداری و نەتەوەپەروەری، وەک دوو بنەمای لێکدژ بناخەدارێژی ڕێکخستەی مەعریفەی کوردین کە بە وێنەی دوو هێڵی هاوشان لە تان و پۆی تێڕامان و تێفکرینی کوردیدا، هزرمەندانیان بە خۆوە خەریک کردوە.

بەردەبناخەی وشیاری کورد و خۆدەربڕین وەک نەتەوە و جولەی هزر و خدەی کوردی لە پاوان بیرمەندیدا، سەدەیەک پاش داهێنانی چەمکی نەتەوەگەرێتی لە خۆراوا، دەستی پێکرد و نەتەوەپەروەری لە پاڵ بیرمەندی خێڵەکی و ئایینیدا خۆی نواند و سەرنجی بیرمەندانی ڕاکێشا. لە پێناو ئەم بیرۆکەیەدا بوو کە «ماکە نەتەوییە»کان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی، هرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەدا، دابەزینە ناو لایەنە بیرکاریەکان و ڕەنگی نەتەوە و نەتەپەروەری لە هوشیاری کوردەواریدا لە جاران توخ‌تر بوەوە.

بەو هۆیەوە کە بیرمەندی و هزری کوردی بە پتەوی لە خزمەت ئایینדא بوو و بیر و بۆچوون و مەعریفەی کوردی لە مزگەوتدا، بە شێوەیەکی ئایین‌ناوەند، چەقی بەستبوو، دیارە هەر چەمکێکی تازە کە بزایێتە ناو گوتاری کوردەواری، لە مزگەوتەوە دەستی پێدەکرد و بە هزرێکی ئایینیەوە لێک‌ئەدرایەوە.

ئایینمەداری بە هەموو پێویستە و لواویەکانیەوە، گوتارێکی ئاسمانی و خاوەن سەرچاوەیەکی وەحیانیە؛ لە کاتێکدا کە نەتەوەپەروەری چەمکێکی زەوینی، خۆرئاییی مۆدێرن و بەرهەمی هزری مرۆڤە. ئایین و نەتەوە وەک دوو چەمکی بە بنەڕەت جیاواز، لە پاوان ڕاڤە و ڕای

کوردەواریدا رسکان و لێداوان و لێکدانەوەی بابەتەکانیان خستە گەڕ. ئەم دوو چەمکە رەنگە وەک دوو توخمی فکری، لە جەوهەر و زاتی خۆیاندا، دژوازیەکیان لە هەمبەر یەکدا نەبێت بەڵام بێگومان لە کاتی پولینبەندیدا، سەبارەت بە بێچم و شێواز و دارشتن، پێویستە و هۆ و لواوی تایبەتی خۆیانیان هەیە. یان با بڵێین وەکوو دوو گوتار، لە زۆر باڵەوە، هەڤبەرایەتی، دژوازی و لێکسوینیان، خۆیا دەبێت و دوو جۆرە شوناس، دوو جۆرە دەرکەوتە و ئامانجی مرۆڤپەروەری و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەهاوێتە گۆرەپانی کردار و ئاکارەوە.

گوتاری ئایینی بە پێی چەمکی ئوممەتی واحدە، ئامانج و ئاسۆکان دەناسێنێ و مرۆڤ لە چوارچێوەیکی چەقبەستوو و دیاردا دەستەبەر دەکات و ئاوەز و ئارەزووی رەها و ویکچوو، بۆ تاک و گشتایەتی ئوممەت پێک دێنێ. سنووری تێفکرین دیاری کراوە و هەموو پرسیارەکان ولامی ویکچوو و لەپێش‌تابین‌کراویان هەیە.

گوتاری نەتەویی بە پێی خسلەتی مرۆڤ و گەوشین و دیاردە سەییالەکانی مێژوویی و بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتی و رامیاریەکان، چەمک و گوتاری تایبەت بو لێکدانەوە و بەمەعریفە کردنی بارودوخەکان، بەرهەم دێنی و لە مسۆگەری و زاتگەریتی ئایینی خۆی ئەپارێزێ.

تاک و کۆمەڵگا لە ئوممەتی واحدەدا، بە شێوەیەکی ریبازمەند، بە ئاوەز و هزرێکی گشتی و دیاریکراو، بە داڵغەی ئامانجە پیرۆز و نەگورەکانەوە ژیان ئەباتە سەر و داڵغەکان ئەبنە رێکخستەی مەعرفەتی ئەبەدی بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە خودی مرۆڤ و جیهان و کۆمەڵگا.

kurdishbookhouse.com

مامۆستای بلیمەت مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، لە ساحەی مەعریفەی کوردەواری، لە پانتایی دوو گوتاری ئایینمەداری و نەتەوەپەروەریدا، هەوڵێکی زۆری داوە کە بە ئاشتەوایی ئەم دوو گوتارە، مەعریفەیکی ئایینەتەوەیی لە دەڤەری تێگەیشتن و تێفکرینی کوردیدا بنیات بنێتەوە. زانایی و شارەزایی مامۆستا لە بواری ئایین و زانستی ئایینی و هەروەها پسپۆڕی و سەرچەوەناسی وی، سەبارەت بە بناخە و بنەمای مەعریفەی ئایینی، بوەتە هۆی سازدانی گوتارێکی ئایینی کوردی. بەم پێیە و بە پێی گرینگایەتی و پێگەی هەستیاری پێکهاتەی زمانی و هەر وەها چەمکسازی لە بەستێنی مەعریفە و تێفکریندا، ئەکرێ بلێین لەو ئاسەوارە بڵاوکراوانەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا کە بە زمانی کوردی نووسراون، هەوڵێکی بایەخمەند بۆ کوردواندنی گوتار و بابەتەکان و هەر وەها پیتاندنی وشە و رستەکان و تەیارکردنیان بۆ تێفکرین سەبارەت بە هەست و نەست و نەریتی فکری کوردی، هاتوەتە گۆڕێ و لاوایەکانی زمانی کوردی بۆ دەربڕین و تێگەیشتنی ئایینی لە بوارەجۆراوجۆرەکانی ژیان و جیهانی کوردەواری تاقی کراوەتەوە.

بەم پێشەکیەوە جێی خۆیەتی کە ڕا و بۆچوونەکانی مامۆستا ئەحمەدیان وەک سیمایەکی ئایینی کە دالغە و هەزارەی نەتەوەییشی لە بیر نەکردوە، بە پێی کتێبی «خەزێنە»، بخەینە ژێر تیشکی رەخنە و لێکۆڵینەوە:

کتێبی «خەزێنە»، سەرجەم ٢٧ وتاری لە کۆمەڵە نووسراوەکانی مامۆستای وەخۆگرتوە کە تێکڕا ئەکرێ بە سەر سێ پاژدا دابەش بکرێت:

١) یاد و یادەوەرینووسینەوە

٢) رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

kurdishbookhouse.com

### ٣) وتاری ئایینی

ئەم وتارانە لە چاو ئەوەی کە بیر و بۆچونی خوالێخۆش بوو، مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان سەبارت بە بوارە جۆراوجۆرەکان خۆیا ئەکاتن، بە گشتی و بە جۆرێک ئەکرێ بڵێین ژیاننامەی فکری ومەعریفی بەریزیانە. مەعریفەیەک کە بە بەردەبناخەیەکی ئایینی دانراوە و هەموو بابەتەکان، بەو پێوانەوە تاووتوێ ئەکرێت و بە چاوی ئایینەوە هەموو سوچەکانی فکری و ئەدەبی کوردەواری ئەخرێتە ژێر سەرنجەوە.

ئەگەر بێتوو پولینبەندیەکی زۆر گشتی لە پێناو سەرچاوەی راڤە و تێفکرین لە مێژووی هزری کوردەواریدا دابڕێژین، تەریقەت (رەوشتێکی ئایینی کە تێکەڵاوێکە لە ئاکار و ئاوەزی ئیسلامی و سۆزی سۆفیانە لە پێناو خودا و مرۆڤ و جیهاندا)، شەریعەتی ئایینی ئیسلام (دەقی فەقێیانە کە بنەمایەکی نەزەریە بۆ  ئاکار و هەڵس و کەوتی موسڵمانان لە ئاراستەی خودا و مرۆڤ و جیهاندا بە پێی دەقی پیرۆزی قورئان و سونەتی پێغەمبەری ئیسلام) و کەلەپووری هزری مرۆڤانە (تێکەڵاوێکە لە مێژووی نەریتی کوردەواری و ئاوەز و تێگەیشتنی لە هەمبەر پرسەکانی)، وەکوو سێکوچکەیە کە وجاخی ئەندێشەی کوردی لە سەری دامەزراوە. زمانی کوردیش وەک مێدیا و شێوازی دەربڕینی ئەم هزرە سێئالیە، لە تەنیشت زمانە زاڵەکانی عەرەبی و فارسیدا، هاتوەتە گۆ و لە قەوارەی شێعر و پەخشان و گوتاری ئایینیدا، کۆئەندامی هزری کوردی پێکهێناوە. بە پێی ئەوەی کە حوجرەکانی مزگەوت و خانەقاکانی کوردستان سەرچاوەی ئەم پێکهاتە مەعریفیە بوون، بە کەمێک شلگیریەوە، ئەکرێ تێکڕای مەعریفەی کوردی بە مەعریفە یان «گوتاری حوجرەیی» ناوبەردە بکەین.

با لێرەدا کۆمەڵە وتاری تۆی کتێبی «خەزێنە»، بە نموونەیەکی گوتاری حوجرەیی لە بەرچاو بگرین و لە دەوامی وتارەکەماندا، تایبەتمەندیەکانی ئەم گوتارە پولینبەندی بکەین: «بێینەوە ماڵی خۆمان و مەڵبەندی خۆمان، بە کوردی قسە بکەین و لە کوردایەتی و ئیسلامەتی بدوێین. ... باس لەو چوار دیوارانە بکەین بە نێوی حوجرە کە لە مەڵبەندی موکریان و لە ناوچەکانی کوردەواری ئێمە دیتوومانە و دەیانبینین و تیشک و نووری زانستی و ئەدەب و فەرهەنگ لەو چوار دیوارانە ڕا بە هەموو وڵاتێکدا بڵاو بوەتەوە»(ئەحمەدیان، ١٣٩٦، ١٥٧).

ئ) بەشی یەکەمی وتارەکان پەیوەستە بە یادەوەرینووسینەوە کە ئەپەرژێتە سەر زیارەت و یادی گەورە پیاوان و بلیمەتە ئاینەکان وەک عەللامە قزڵجی، ئەبووبەکری موسەننیف، عەللامە مەلا عەلی، مەلا یۆسفی ئەسەم، مەلا جامی، عەللامە بێتووشی، عەللامە مەلا باقر، مامۆستا شاریکەندی، مەلا کەریم(فیدایی)، و چەند شاعیر و ئەدیبی مەزن وەک: وەفایی، مەولەوی، هێمن و مامۆستا هەژار.

قەڵەمی مامۆستا لەم وتارانەدا، سەرەڕای ئەوەی کە وشەی ڕەسەن و کەلیمەی پەتی کوردی وەکارهێناوە و لە ڕازە وێژەییەکان وەک: سەجع، شوبهاندن، تەمسیل و خوازە، کەڵکی وەرگرتوە بەڵام زمانێکی پوخت و پاراوی هەیە کە توخمە ئەدەبی و وشە نامۆکان، نەبوونەتە هۆی ئاڵۆزی زمانی و گرێوگۆڵخستنە ناو دەقی وتارەکان. بە پێی ئەوەی کە یادەوەریەکان بە سۆزێکی حەسرەتوارەوە نووسراون، زمانێکی دڵنشین و هاودڵیان هەیە کە خوێنەر ئەباتە ناخی بابەتەکەوە و چێژێکی ڕەوایی پێدەبەخشێ.

یادەوەرینووسینەوە کە یەکێکە لە چەشنە ڕەواییەکان، سەرەڕای ئەوەی کە زمانێکی ساکار دەخوازێ، شێوازێکی ڕەوایی پێویستە تا خوێنەر دڵ بدا بە بابەتەکەوە. دیارە خوێنەر بابەتێک بەو هۆیەوە ناخوێنێتەوە کە وشەی ڕەسەنی تێدایە یان بە ڕازە ئەدەبیەکانی ڕازاوەتەوە، بە ڵکوو زمانی دەقەکە و شێوازی کەڵک وەرگرتن لە لواویە زمانی و ئەدەبیەکانە کە وەکوو تەکنیکێکی نووسین، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و ئامانج دەپێکێ. بابەتی وەک یادەوەری بەو هۆیەوە کە تایبەتە بە بیرەوەری، داوەری و سۆزی تاکەکەسی لە پێناو کەس و شوێن یان مژارێک، ڕەنگە خۆی لە خۆیدا، جەزەبەیەکی ئەوتۆی بۆ خوێنەر نەبێت. بۆیە شێوە ڕەواییەکی بە هێزی پێویستە تا ببێتە دنەی خوێنەر بۆ تاکۆتایی مانەوە لە گەڵ بابەتەکە. بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا ئەحمەدیان بێجگە لەوەی کە زمان و پەخشانێکی لەزارخۆشی بە تایبەتمەندیەکانی دەقێکی ئەدەبی خوڵقاندوە، لە باری ڕەوایی و بابەتگێڕانەوەشەوە، لایەنەکی نەزیلەئاسا و داستانی بە یاد و نووسراوەکانی داوە. ئەم گەمە زمانی و ڕەواییە بوەتە هۆی ئەوەی بیرەوەریەکانی لە ئاستی یادەوەریەکی ساکاردا قەتیس نەبێت و لە شێوەڕەواییەکی چیرۆکئاسا نزیک بێتەوە.

ڕۆشتن بو تورجان لە گەڵ چەند مامۆستای ئایینی، دەبێتە بیانوویەک بۆ ناساندنی عەللامە قزلجی. یادەوەریەکە بە نێوی خودا و بە ئاماژەیەکی ئەدەبی بە کاتی وەڕێکەوتن کە کۆتاییەکانی خەرمانانە، دەس پێدەکات و سەرەتای سەفەر و شوێنی مەبەست بە کورتی و بە شێوەی براعەتی ئێستیهلال (دەسپێکی دەقێک کە پێوەندیەکی بابەتیانەی لە گەڵ ناوەرۆکی سەرەکی دەقەکەدا هەبێت)، پێناسە دەکریت. تەنانەت، بۆ ئەوەی خوێنەر بە وردی لە بارودۆخی بگێڕی یادەوەریەکە تێ بگات و هاوڕێیی لە گەڵ بکاتن، ماشێن و شوفیرەکەشی بە پێی پێویست دێتە بەر باس. بگێڕ

وەک سووژەیەکی وردبین و سۆزمەند، دەڕوانێتە دەر و دەشت و دیاردەکان دەگێڕێتەوە: «هەر تازە زەردەی گزینگ لە سەر کێوەکان هاڵا بوو، لە نێو لق و پۆپ و گەڵای شەقامەکاندا، دوندی بڵندی کێوە بەرزەکان وە بەر چاو دەهاتن. کە دەتگووت حاجین و کەشیدەی تازەی زەردیان لە سەری هاڵاندووە و راوەستاون و خەڵک بە پیریانەوە دەچن و زیارەتیان دەکەن. شنەبایەکیش لقی دارەکانی رادەهەژاند و پەلک و گەڵاکانی پێکتر دادەدا و رەنگ زەرد و بێ‌تینەکان دوای خۆبادانێکی ناقایلانە دەکەوتنە زەوی و دەیاندی کە پووشەڵەکان هەتا چاو هەتەردەکا وە حەوا کەوتوون: یانێ وێنەیەک لە ئابووری جیهانی کاپیتالیستی!»(پێشوو، ٢٣). ئەم وێنەیە سەرەڕای ئەوەی کە لایەنێکی ئەدەبیێ و شاعیرانە بە دەقەکە ئەبەخشێ، تاسەیێکیشە لە پێناو دەرکەوتنی هەناسەی پاییزی و رەنگ داگۆڕینی وڵات. لە لایەکیشەوە دڵەڕاوکێی سەفەر و رێی هات و نەهات، لە تۆی وێنەکدا نەخشێندراوە. لە ناکاو لە دێڕی کۆتاییدا تەوسێک ئاراستەی کاپیتالیسم ئەکرێ کە هەم باسەکە بگۆڕدرێ و هەم کەش و هەوای بابەتەکە تاڵ نەبێت.

بگێڕی یادەوەریەکە، بە وردی دەبینێت و بە وردی دەبیستێت. بە چەشنێک کە هەر دەرکەوتە و بەرجەوەنێک یان هەر وشە و قسە و باسێک، بیرەوەریەک لە رابردووی وەبیر دێنێتەوە تا ببێتە هەوێنێک بۆ دەربڕینی هەست و زانست و لێکدانەوەی خۆی سەبارەت بە بابەتی مەبەست. «گوێم هەڵختبو لە وت و وێژی مامۆستاکان ... و سیلەی چاویشم دابوە تەپک و تەپۆڵکە نزیک و دوورەکانی پێش ماشێنەکە، کە لە نەکاو تەپکی فەقرەقای ئێندرقاش وەدەر کەوت و خورپەیەکی هاویشتە دڵم. وەبیری هێنامەوە کە سەد و بیست ساڵ لەوە پێش، قادرئاغای ئێندرقاش لەو دێیە، هەواڵی تاڵی وەفاتی مەلای قزڵجی بە مەلای خۆی یانێ مەلای پیرەباب

راگەیاند ... ئەوجار وەبیرهاتنەوەی مەلای قزلجی، وەکوو راکێشانی سەری هەودایەکی، گلۆلەی بیری منی سەدان فرسەخ بۆ لای دوور و چەند سەدە بەرەو دوا، خلۆر کردەوە»(پێشوو، ٢٤). لێرەوە زەینییەتی سەییالی بگێر ئەڕواتە یەکسەد و نەوەد ساڵ پێش و سەربهووردی مەلای قزلجی و ناوبانگی بلیمەتی و ئاستی خوێنەواریەکەی ئەگێڕێتەوە. بگێڕ لە بیری ناکات کە لە ناو ماشێندایە و خەریکە بەرەو تورجان ئەڕوات. بۆیە زۆر بە ناسککاریەوە، باسەکە دەبڕێت و بۆ ئەوەی خوێنەر لە مژارەکە جاڕز نەبێت دەیهێنێتەوە ناو جادە: «لە نەکاو لەندروێرەکە، چەند جار هەڵبەزیەوە و گۆشەی کڵاوی یەک دوویەکی گەیاندە حەواو و خاوکی خەیاڵی منیشی پس پس کرد و خۆفێکیشی خستە دڵم، چونکە دیتم فەرمانەکەی دەلەرزێ و دەندەکانی وەکوو ددانی سەرمابردوو وە شەق شەق کەوتوون ... »(پێشوو، ٢٦).

هەر شوێنێک لە رێگای ئەو سەفەرەدا، یادەوەریەکی بۆ نووسەر لە گەڵە تا خەیاڵی بفڕێنێ: «دیتم ماشینەکەمان *بۆگەبەسی* بە جێ هێشتووە و بە قەراغ چۆمی *تەتەهوو*دا بەرەو تورجان باڵی گرتوە. وەک بیابان دەفڕێ و کەوتووینەتە سەر ئەو رێگایەی کە نزیک بە یەکسەد و شێست ساڵ لەوە پێش مامۆستا قزلجی بە دڵێکی دارماڵ لە ئاوات، لەو رێگایە بەرەو تورجان ئەڕۆیشت» (پێشوو، ٢٧). بەم چەشنە خەیاڵی نووسەر ئەچێتە رابردوویەکی دوور و ئەوکاتەی مامۆستا قزلجی و بنەماڵەکەی ئەگێڕێتەوە. ئەمجار بۆ کۆتایی هێنان بەو بەشە، خەیاڵی تیژ و خولقێنەری بگێڕ دیسان ئەگەڕێتەوە ئێستای ناو ماشینەکە. ئەمجا بە مەنتقێکی رەواییەوە باسەکە دەپچڕێ و ئەپەرژێتە بەشێکی دیکەی بابەتەکەوە: «لەو کاتەدا کە بیرم رۆیشتبووە نێو ئەو شوێنەوارانە، لە پڕ

بۆ پێشەوە ڕاتڵەکام و بیرم هاتەوە لای خۆم و تەماشام کرد ڕانەندەکە ماشینەکەی لە تەنیشت ڕێبوارێکی هوولی چوارشانە ڕاگرتوە ... »(پێشوو، ٣٠).

بەشی یەکەمی کتێبی خەزێنە کە تایبەتە بە یادەوەری پیاوە ئایینیەکان، بێجگە لەوەی کە سەفەرنامەیەکی تاکەکەسیە و هەست و سۆزی نووسەر لە پێناو شوێن و شوێنەوارەکان دەرئەبڕێ و یادەوەری کات و سات و ساڵەکانی مامۆستا ئەگێڕێتەوە، یادنامەیەکی مەعرفەتیە سەبارەت بە خزمەتکارانی ئایین کە خەیاڵی نووسەر بە رابردوو و ئێستادا دێتە و دەچێ و کۆڵێک زانیاری بەنرخی مێژوویی سەبارەت بە پیاو چاکانی ئایینی و ئاکار و ئاسەوار و تۆرمە و نەریتی ئەوان دەسنیشان ئەکات.

پەخشانی ئەم بەشەی «خەزێنە»، پەخشانێکی هونەری و ئەدەبیە کە تایبەتمەندیەکانی دەقێکی بەلاغی ئەگرێتە خۆوە. زمان و شێوازی نووسین لەم بەشەدا توخمگەلێک هاوبەشیان هەس کە ئەبێتە هۆی پێناسەکردنی دەقێکی شێوازمەندی هونەری و بەلاغی. با لێرەدا ناوی بنێین پەخشانێکی ساکاری دیمەندار.

شێوازمەندی ئەم یادەوەریانە بریتین لە:

- ✓ هاوبەشی لە بابەتی سەرەکی باسەکە: لە هەربابەتێکدا مێژووی ژیان و کەسایەتی زانا و بلیمەتێک لە بواری ئایین‌دا ئەگێڕدرێتەوە و زانست و توانست و خزمەتی ئایینی ئەو کەسانە وەکوو بابەتێکی مێژوویی ئەخرێتە ژێر باس و خواس.

- ✓ کەڵک وەرگرتنی ناوە ناوە لە هێمانە ئەدەبیەکان و زمانی هونەری و مەجازی وەک دەقێکی ئەدەبی.
- ✓ بەرجەوەنسازی: روانین لە سروشت و کەند و لەندەکانی سەر ڕێگای سەفەر لە گۆشەنیگایەکی سۆزمەند و پەیوەست بە بابەتی سەرەکی باسەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر شوێن و شوێنەوارێک کە لە بوار بە بواری ڕێگادا دەرئەکەوێت ببێتە بەرجەوەنێکی عاتفی و یاد و مێژوویەک لە گەڵ خۆی بنەخشنێت.
- ✓ بە دیاردە بوونی شوێن و کات و کەسەکان: گەرچی هەر پەیار و دەرکەوتەیەکی وەک کەژ و کێو، یان شەقام و ڕێگا و بان، یان ماڵ و مەزار و دێهات و هەر شت و کەسێک لەم لەونە بە یاد و یادەوەریەکی ئایینیەوە بارگاوی کراوە، بەڵام لە کاتی تەوسیف و گێڕانەوەدا، بە شێوەیەکی دیاردەناسانە، نووسەر خۆی لە هەر چەشنە بڕیاردانێک لائەدا تا ئەو بابەتانە وەک پێویست خۆیان دەرببڕن و لە گێڕانەوەی باسەکەدا دەورێک بگێڕن.
- ✓ کەڵک وەرگرتن لە زەمانی ڕەوایی: گۆڕینی کات و ساتی ڕووداوەکان لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو و لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا، جوڵە و بزاڤێکی ڕەوایی بە بیرەوەریەکە داوە و پردێکی لە نێوان ئێستا و مێژوودا چێ کردوە.
- ✓ بەهرەمەندی لە لواویەکانی زمانی لە پێناو گێڕانەوەدا بۆ نووسینەوەی یادەوەریەکی مەعریفی کە وەک جەمسەرێک مێژوو، سەفەرنامە، ژیاننامە و پێناسەی کەسە ئایینیەکانی لێکهۆنیوەتەوە.

✓ وەکار هێنانی زمانی تەنز و تەوس لە تۆی بابەتێکی قورس و جددیدا وەک جەسارەتێکی ئەدەبی بۆ نەرم و نیان بوون و سەرنجڕاکێش کردنەوەی بابەتەکە.

ئەم شێوازمەندیە بوەتە هۆی رەخسانی هێماگەلێکی ئەدەبی و هونەری لە ئاراستەی دەقێکدا کە بە زمانێکی ساکار خولقاوە و ئەکرێ وەک پەخشانی پێوەر، تایبەتمەندیە شێوازناسیەکانی لە بواری پێکهاتە و ناوەرۆکدا پۆلینبەندی بکرێت.

ب) بەشی دووهەمی «خەزێنە»، رەخنە و لێکۆڵینە ئەدەبیەکان دەگرێتە خۆوە کە بێجگە لەوەی کە شارەزایی و هۆگری مامۆستا مەلا عەبدوللا پیشان ئەدات، بەستێنێکی شیاویشە بۆ لێکدانەوەی هزری ئەدەبی و ئایینی بەرێزیان.

ئەو وتارانە کە سەبارەت بە شێعر و شاعرەکان نووسراون، شیکاریەکە لە بەستێنی ئایین‌دا. بە پێچەوانەی ئەو وتارانە کە لە ژانری بیرەوەری‌دا نووسراون و بیر و بووچوونێکی نەرم و تا رادەیەکی زۆر بە بێ‌پێشداوری و بێ‌لایەنانە، باسی کەسایەتیکان ئەکرێت و خوێنەر هەست بە رەهاگەری و ئامۆژگاری ناکات، وتارە رەخنەییەکان، بە بووچوونی رەهاگەریانە و پێشداوریە ئایینیەکانەوە بارگاوی کراوە. رەخنەکان لە ناخی خودی دەقەوە هەڵنەقولاون و هەناودەقی نین بەڵکوو بە بیرۆکە و ئایدیای دەرەوەی دەق، هەلسەنگێندراون. واتە بیرۆکە و ئایدیاییەکی غەیرئەدەبی بوەتە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبیەکان. لێرەوە ناهاوتەریبی و لێکدژی ئایدیای ئایین‌مەداری و نەتەوەپەروەری خۆی دەرئەخات.



kurdishbookhouse.com

به پێی ئەوەی کە شێعر، ڕەسەنترین و کاریگەرترین و هەر وەها بەربڵاوترین مێدیای کوردەواریە بۆ خۆیا کردنەوە و دەربڕین و داڕشتنی بیرۆکە و جیهانبینی کوردی و لە لایێکیشەوە مزگەوت و ئایین، سەقامگیرترین و توکمەترین بەردەبناخەیەک بوە بۆ بنەماداڕێژی بیرۆکەی کوردەواری (نەکوو کوردی)، لێکدانەوەی شێعری کوردی بە پێی ئایین، ئەدەبێکی تاک‌ڕەهەندی و ئایینی دەخولقێنێ کە ڕەنگی فەرهەنگی نەتەوەیی لەو پاوانەدا دەبزرکێ و ئایدیای نەتەوەیی و لۆکاڵی لە ژێر تەوژمی  پاوانخوازی و ڕەهاگەری ئاییندا ستار ناکات.

ڕەخنە و لێکدانەوە بە نرخەکانی مامۆستا مەلا عەبدوللا، لە پێناو شێعر و ئەدەبدا، نمونەیەکی دیار و توکمەیە لە ڕێکخستە و نیزامێکی مەعریفی کە لەم وتارەدا بە «گوتاری حوجرەیی» ناوبردەمان کرد. دیارە ئەگەر بمانهەوێ دابەشکاریەکی مێژوویی سەبارەت بە مەعریفەی کوردەواری دابڕێژین، مەعریفەی داڕێژراو لە حوجرەی مزگەوتەکان، بنەڕەتی‌ترین مەعریفەیە کە بێجگە لە مەعریفەی ئایینی، هزری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی کوردەواریشی تا سەدەی نوێ بووژاندوتەوە.

به پێی ئەوەی کە ئایدیا و بیرۆکەی بناخەیی کتێبێ خەزێنە لە سەر مەعریفە یان گوتاری حوجرەیی دامەزراوە، ئەم وتارە دەرفەتێکە بۆ تاوتوێ کردن و پۆلین‌پەندی تایبەتمەندیەکانی ئەم چەشنە گوتارە.

١) تاک‌ئامانجی و دیاری کردنی مەبەستی پێشینە بۆ هەموو بابەتێک و هەر وەها هونەر و ئەدەبیش. ئەدەب و هونەر لە گوتاری حوجرەدا، یەک مەبەست ئەپێکی و ئەویش سەنا بێژی جوانی خالقە و قوتار: «تۆ ئەزانی هونەر، وینەر، بێژەر، ویژەر، شاعیر، نەققاش، بەلیغ، فەسیح



kurdishbookhouse.com

گشت چ ئێژن؟ گشتیان، جوانی کاری خوا دەرئەخەن؛ لە جوانیەتی وی باس دەکەن» (پێشوو، ١٤٣). بە پێی ئەم تایبەتمەندیە وتاری «بیرەوەری مامۆستا هەژار»، سیمایەکی ئایینی و حوجرەیی لە هەژار، دەنەخشێنێت و تێئەکۆشێ وایپیشان بدات کە هەژار ئەگەر ناو و نیشانێکی هەیە و ئەگەر هەڵکەوتە و چاکسواری بواری ئەدەبە، ئەگەر رەنجەڕۆ و هەڵوەدای نەتەوەپەروەریە، بە هۆی ئیمان و خوداپەرەستی بووە و بەس: «هەژار .... لە عەینی خوداپەرەستیتیدا نیشتماندۆست و لە عەینی نیشتماندۆستیدا خودا پەرست بووە»(پێشوو، ١٤٤). «دەروونی ئەو پیاوە مەزنەی کورد ئاورگێک بوو کە دوو سکڵی زۆر گەورەی تێدا دایسا ... یەکێک سکڵی ئاوری خوداپەڕەستی و ئەوی دی سکڵی ئاوری گەل دۆستی».( پێشوو، ١٤٥). ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەژار ئەگەرچی پەروەردەی مزگەوت و خانەقا بوو بەڵام بە پێی ژیانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایدیای خەبات و داڵغەکانی، پیاوێکی سکۆلار بوو و لە بواری خەباتی حیزبایەتی و نووسین و زمانی ئەدەبی، تاکە دڵەڕاوکێی نەتەوەپەروەری بوو و لە هیچ شوێنێکیشدا خۆی وەک رۆشنبیرێکی ئایینی و ئایینپەروەر دەرناخات. مامۆستا ئەحمەدیان بە دوو بەڵگەوە، سیمای هەژار وەک سیمایەکی ئایینی لێکئەداتەوە. یەکەمیان: وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزە بە سەر زمانی کوردی و دووهەمیان کتێبی چێشتی مجێورە.

سەبارەت بە وەرگێرانەوەی قورئان، با لە بیری نەکەین کە بە پێی هزر و خدەی فەرهەنگی هەژار، مەبەستی سەرەکی لەو وەرگێڕانە پەرەپێدان و بووژانەوەی زمانی کوردیە تاکوو مەبەستی رێنمایی و دڵەڕاوکێی ئایینی. لە لایەکی تریشەوە هەژاری وەرگێڕی قورئان، وەرگێڕی چوارینەکانی خەییامیشە کە مامۆستا ئەحمەدیان سەبارەت بەم وەرگێڕانەی هەژار زۆر گلەیی و

گازندەی هەیە و لە نامیلکەی «لە مەهابادەوە بۆ کەرەج»دا، پاش بە هونەرمەندانە لە قەڵەم دانی وەرگێڕاوەی چوارینەکان، دەنووسێ: «لە بەینی خۆمان دەرنەچێ، کارێکی باشت نەکردوە و بریا ئەو کارە هونەرمەندانەت وەپشت گوێ بدابایە ..... شێعری چاک دەگەڵ پەیامی چاک هەمیشە هاوقۆڵ نین .... خەییام لەو چوار خشتەکیانەدا بێگومان قسە چاک دەکا بەڵام قسەی چاک ناکا» (پێشوو، ٥-١٩٤). لەو لایشەوە دەزانین کە «چێشتی مجێور»، ژیاننامەیکە بە بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە رەخنە و تەوس و توانج، و هەر کەسێک بە هەر شێوەیەکی تووشی بوە بە تووشی هەژارەوە، باسی لێ کراوە. سەردێری «چێشتی مجێور»یش وەک نێوی کتێب، گەرچی لە نەریتی مزگەوتەوە گیراوە بەڵام هیچ مافێکی بە سەر ئایین یان بیرۆکەی ئایینی نووسەرەوە نیە و بگرە بە جورێک تەوسێکیشی تێدایە.

ئەم شێوە راوانینە تاک ئامانجی و بە لای ئایینیدا داشکاندنەوەی بابەتەکان، لە لێکۆڵینە ئەدبیەکانیتریشدا کە سەبارەت بە وەفایی و مەولەوی و هێمن نووسراوە، خاڵێکی دیار و سەرەکیە. با لە بیریشی نەکەین کە لەم لێکۆڵینەوانەدا زانیاری ئێگجار باش و بووچوونی زۆر ژیرانە ئاراستەی خوێنەر کراوە. قسە لەوەدایە کە ئایین لە شێعری ئەم شاعیرانەدا وەکوو بابەت، فەرهەنگ و نەریت واتە وەک مەزموون، ئاراستە کراون. دیارە کەڵک وەرگرتن لە مەزموونێکی ئایینی بۆ تەعبیر و راڤەیەکی شاعیرانە، شێعری مەولەوی و هێمن ناکات بە شێعرێکی ئایینی. ئەگەر کورتی ببرینەوە دەبێ بڵێین گوتاری سەرەکی ئەم شاعیرانە گوتارێکی عیرفانی- ئەدەبی یان نەتەوەیی- ئەدەبیە نەکوو گوتارێکی ئایینی.

kurdishbookhouse.com

٢) ئەخلاق‌مەداری: تەوەرەی سەرەکی مەعریفەی حوجرە، ئەخلاقی ئایینیە. ئەم تەوەرە لە هەموو بۆچوون و بیرۆکەیەکدا رەنگ ئەداتەوە و بە پێی ئەم روانگەیە شێعر و ئەدەبیات، مژارێکی مەبەست‌دار و دەروەستن. بینای پێناسەی شێعر بریتیە لە بابەتێکی ئەخلاقی و ئایینی کە کۆمەڵگا بەرەو بەختەوەری ئایینی پاڵ پێ‌وەدەنێ. جیاوازی شێعر و شاعیر ئەچێتەوە سەر قسەی چاک کردن. دیارە تاکە سەرچاوەی قسەی چاکیش کتێبە پیرۆزە ئایینیەکانە: «شێعر چیە؟ وە شاعیری چاک کامەیە؟ .... شاعیرێکی قسە چاک بکا دەگەڵ شاعیرێکی قسەی چاک بکا و بە کوردی چاکە کوتن و چاک کوتن فەرقیان یەگجار زۆرە. وابوە کە هێندێک لە شاعیرەکان بەو هێزە بەگوڕمە خەلکیان بۆ لای پووچی و پووکی و بێئامانجی و زەنگۆلی و زەبەللاحی راپێچەک داوە» (پێشوو، ١٥١). لە وتاری «شێعر چیە؟ ... »دا، پاش پولین‌بەندی جورەکانی شێعری و ناساندنی چەشنی شێعری بە پێی ناوەڕۆکەوە، ئەرکی شێعر و شاعیر ئاوا پێناسە کراوە: «خەڵکی بەرەو چاکی و پاکی و رووناک‌بیری و خوداپەرەستی و ئینساندۆستی و پیاوەتی و بەربەرەکانی دەگەڵ ستەم و زۆرەملی راپێچەک بدەن و .... پەیامی کردار و ئاکاری چاک راگەیەنن و ...» (پێشوو، ٢١٦). بەم چەشنە شێعر پاوانبەندی دەکرێت و شاعیر ئەبێتە کێشکچی ئاکاری ئایینی و چەمکە ئایینیەکان. لەم گوتارەدا ئەدەب و هونەر لە تەنگەژەی ئاکار و ئەخلاقی ئایینی و ئەرکمەندی کۆمەڵایەتی‌دا لە گەشە و داهێنان بێوەری دەبێت و کورت ئەکرێتەوە بە یەک ئامانجی گشتی و لە پێناو تاک‌رهەندی بابەتی‌دا ئەکەوێتە جەغزی دووپاتە و چەنپاتەوێژی.

٣) هیواشارخوازی(یوتوپیاگەرێتی): لە مەعریفەی حوجرەدا، لە سەرووی هەموو ئامانج و ئاواتەکان، هیوارشارێک پێکهاتوە کە ئەبێ مرۆڤ بە هەموو لایەن و رەهەندەکانیەوە، لە هەوڵی

گەیشتن بەم هیواشارە بێت. لەم شوێنە ناشوێنەدا هەموو شتێ بێ خەوشە و تەواوە. ئەم هیواشارە و رێ و شوێنەکان رەخنە هەڵنەگرە و هەر بیرۆکەیەک لەم رێبازە لادات هەڵە و رێلێتێکچووە. بە پێی ئەم بۆچوونە، خەییامی شاعیر کە بینای «کەلام»ی ئایینی خستوەتە ژێر تەوژمی پرسیارەوە، ناتوانێ خەییامی بلیمەت و ریازیزان و ئەستێرەناس بێت. گوتاری هیوارشارخواز، رەخنە هەڵنەگرە و تاوشتی باس و خواسی نیە.

«پەیام و نێوئاخنی ئەو شێعرە هەرەبەرزە چاکانەی خەییام، نە خەبات و شۆڕشە و نە راستکردنەوەی غیرەتی نەتەوایەتیە و نە کرووزانەوەیە بۆ هەژار و بەشخوراوەکان و .... نە بەرهەڵستە لە ئاکاری دزێو و خراپ، بەڵکوو ئەو شێعرە چاکانە زۆرتر لە دەوری دوو خاڵ دەخولێنەوە؛ یەکەم، خاوکردنەوەی چەند بیر و بڕوای پیرۆز و رەسەن .... دووهەم پروپاگەندە و هاوار بۆ وەی خەڵک مەی بنۆشن» (پێشوو، ١٩٩). ئەم بۆچونە سەبارەت بە خەییام و شێعرەکانی، دەقاودەق پەیوەستە بە پێناسەی شێعر لە گوتاری حوجرەیی‌دا. ئەو گوتارە پاوانخوازە کە تاوشتی هیچ رەخنە و لادانێکی لە ئامانجە دیاریکراوەکانی هیواشار نیە. ئایدیای خەییامی، بیرۆکەیەکی رەخنەیی_ فەلسەفیە سەبارەت بە «کەلام»ی باوی سەردەمی خۆی(کەلامی ئەشعەری) کە بە زمانێکی رەخنەگرانە و تەوسن وتراوە یان با بڵێین دیالکتیکێکی شاعیرانەیە سەبارەت بە نەریتە ئایین و کەلامیەکان. مەی و شەڕابیش لە ناواخنی ئەم شێعرانەدا، هێمایەکی خۆشڕابوێری یان «ئێپیکوریسمی»[1]یە لە خۆش بوون و دڵنیایی بە لوایە شادیهێنەرەکانی جیهان و بەهەرەمەندی

1- Epicurism

ڕێگەپێدراو لە چێژە ئاساییەکانی ژیان. (لە بەرانبەر خۆپارێزی پەرگیرانەی «کەلبی گەریتی»[2] ڕەشبینانەدا)

مامۆستا ئەحمەدیان وەکوو زۆر پسپۆری تر (فروغی، اسلامی ندوشن، دهخدا، باستانی پاریزی) کە خۆی ناوبەردەیانی کردوە، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو شێعرانە، لانی کەم هەموویان نابێت هین خەییام بوبێت. بۆیە ئەوانەی وا ڕەخنەئامێزن یان باسی مەی دەکەن، دەبێ لە هەنبانەی کەسانێکی ترەوە خرابێتنە پاڵ شێعری خەییامەوە. لەم وتارەدا ناپەرژینە سەر ئەو بابەتە کە ئەم شێعرانە هین خەییامن یان نا، بەڵام چوارینەکان هین هەرکەسێک بێت، ڕا و بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەی کەلامی و فەلسەفیە و نکۆڵی لێ ناکرێ. بیرۆکە و چەشنە هزرێکی ڕەخنەئامێز و کۆنە کە پێشینەی ئەچێتەوە یوونانی کەونینە. بەڵام ئەمە ڕەهاگەری و مسۆگەریتی گوتاری حوجرەیە کە دوایین بڕیارەکان ئەدات و هیچ ڕەخنە یان بیرکردنەوەیکی دەرەکی و جیاواز ناسەلمێنێ. با داکۆکی لە سەر ئەوەوەش بکەین کە مامۆستا ئەحمەدیان ئەگەرچی بە گوتاری حوجرەییەوە خەییام شی دەکاتەوە بەڵام لە باری ئەدەبی و پێکهاتەی شێعریەوە، چوارینەکان بە شێعرێکی هەرە بەرز دەنرخێنێ کە کێشەی ناوئاخنیان هەیە: «باورم بەوە هەیە کە ئەو چوارخشتە-کییانە لە بابەت چلونایەتی تایبەتێکانی شێعری چاک و چاکترین شێعر، بە تایبەت خەیاڵتاشین و پێکەوەدانی وەستایانە و ... شڵەقاندنی بیرگەی گوێگر، لە بەرزترین پلەی شێعردان» (پێشوو، ١٩٣). ئەم بڕیارەش ئەو ڕاستیەمان پێ دەسەلمێنێ کە خاوەن بڕیارەکە، گوتاری ئەدەبی و زمان و تایبەتمەندیەکانی شێعر بە باشی ئەناسێت و لە زۆر شوێندا خۆی لە ڕەهاگەری گوتاری حوجرە ئەپارێزێت.

---

2 - Cynicism

٤) به پێی سەرجەم وتارەکانی «خەزێنە»، بە تایبەت وتارە ئایینیەکان، چەند تایبەتمەندی تریش بە گوتاری حوجرەوە دیارە:

- ✓ خۆ لە هەموو بابەتێک تێوەردان و خوێندنەوە و شیکاری بوارە جۆراوجۆرەکان بە یەک گوتار و سنووردارکردنی مژارە چەندرەهەندیەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی.
- ✓ دابەزاندنی مەعریفەی ئایینی بە هەموو بەربەستەکانەوە بە سەر مژارە نائایینیەکان
- ✓ دەربڕینی دواین بڕیار سەبارەت بە هەر بابەتێک کە بخرێتە ژێر باسەوە.
- ✓ دووپاتەبوونەوەی بابەت و باس و بڕیارەکان لە یەک بەستێن و یەک گۆشەنیگاوە
- ✓ بە گوتار نەکردنی بابەتەکان. واتە باسەکان خسڵەتێکی دیالکتیکی ناگرنە خۆوە و وەک دواین بڕیار و بۆچون سەقامگیر دەبن.
- ✓ کورتکردنەوەی پرسیار و راڤە و کێشە مەعرفیەکان بە هۆکارە لاوەکی و پەراوێزیەکانەوە.
- ✓ دامەزراندی باس و بابەت بە شێوازی خەتابی و هەوڵدان بۆ ئامۆژگاری بەردەنگ و قەناعەت پێهێنان بە پرینسیبە ئەخلاقیەکان.
- ✓ درووس‌کردنی دەم و چاوێکی دیار و نەگۆڕ بە بیرۆکەیەکی ئایینیەوە کە پێی دەگوترێ موسڵمانی کورد.

سەرجەم ئەم تایبەتمەندیانە دەکرێ وەک پێناسەی «گوتاری حوجرەیی» دەستەبەر بکرێت. دیارە بە بێ دەق و بەرهەمی هزری، هیچ مەعریفەیەک بە گوتار ناکرێت. شارەزایی فەرهەنگی و ئایینی، هەستی نەتەوەپەروەری و هەر وەها هزری وشیاری عەللامە ئەحمەدیان، وای کردوە کە



kurdishbookhouse.com

به بنەمایەکی مەعریفی و بە تەگبیرێکی زانستیەوە لە گەڵ بابەتە نەتەوەیی و ئایینەکاندا ڕووبەڕوو بێتەوە و بە شێوەیەکی شێوازمەند لەم بابەتانە بدوێت. بە بێ ئەم شێوازمەندیە هیچ دەقێک نە هەڵگیری بنەما مەعریفیەکانە و نە تایبەتمەندیەکانی ئەو گوتارە پێناسە ئەکات کە لە بەستێنی خۆیدا سەری هەڵداوە.

«خەزێنە»، خەزێنەیەکە لە ماکە هزریەکانی گوتاری حوجرەیی بۆ تێکهەڵکێش کردنی ئایینمەداری و نەتەوەپەروەری کە ڕەنگە وەک دیالکتیکێکی سەرەتایی لە نێوان ئەم دوو چەمکە لێکدژە بێتە ئەژمار. دیالکتیکێک کە پێویستە دەرفەتی بۆ بخولقێ تا بە لێکسوونی ئەم دوو گوتارە، ئاسوی گوتاری سێهەم لە ساحەی مەعریفی کوردەواریدا ئاوەڵا بکات و بە هزرێکی تازەوە بنەمای گوتاری کوردی پێک بهێنێت.